

# مریشك و هەزارپێ




Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin

3
کوردی ckb



مریشك و هەزارپێ هاوڕێ بوون، بەڵام هەمیشە حەزیان لێ بوو پێکەوە پێشبڕکێ بکەن. ڕۆژێك پێکەوە یاری تۆپی پێیان کرد بۆ ئەوەی بزانن کامیان باشترین یاریزانە.



پێکەوە چوونە گۆڕەپانی تۆپی پێ و یارییەکەیان دەست پێ کرد. مریشك خێرا بوو، بەڵام هەزارپێ خێراتر بوو. مریشك شەقی لە تۆپەکەی دا و بۆ دوور رۆیشت بەڵام تۆپەکە بە شەقی هەزار پێکە دوورتری رۆیشت.

مریشك هەر دەهات توڕەتر و توڕەتر دەبوو.




ئەوان بڕیاریان دا کە یارییەکی پەناڵتی جەزا لێدان بکەن. یەکەم جار هەزارپێ گۆڵچی بوو. مریشک تەنیا گۆڵێکی کرد. دواتر نۆرەی مریشک بوو کە گۆڵچی بێ.



هەزارپێ شووتێکی لێدا و گۆڵی کرد. هەزارپێ دریبلێکی کرد و گۆڵی کرد. هەزارپێ بە سەر گۆڵێکی کرد. هەزارپێ پێنج گۆڵی کرد.



مریشکەکە لەبەر ئەوەی دۆڕاندبووی، زۆر تووڕە بوو. ئەو زۆر خراپی دۆڕاندبوو. هەزارپێ دەستی بە پێکەنین کرد، چونکە هوڕێکەی گورە گوڕی دەکرد.




مریشك زۆر تووڕە بوو دەنووكی كردەوە و هەزراپێیەكەی قووت دا.



کاتێک مریشک دەچووەوە هێڵانەی، چووە دایکی هەزارپێ کەوت. دایکی هەزارپێ لێی پرسی: "منداڵەکەی منت نەدیوە؟" مریشک هیچی نەگوت. دایکی هەزارپێیش نیگەران بوو.



پاشان دایکی هەزارپێ گوێی لە دەنگێکی لاواز بوو کە دەیگوت: “دایە یارمەتیم بدە!” دایکی هەزارپێ چووی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و بە باشی گوێی بۆ دەنگەکە راگرت. دەنگەکە لەو مریشکەوە دەهات.



دایکی هەزارپێ هاواری کرد: “رۆڵە ئەو فێڵەی بەکار بێنە کە دەتوانی!”

هەزارپێ دەتوانێ بۆنێکی ناخۆش و تامێکی ناخۆش دروست بکات.

مریشك هەستی بە تێک چوون کرد.



مریشك ئەرشایەوە. تفی قوتدەدایەوەو فرێی دەدایەوە. دەپشمی و دەکۆخی. دوایی ئەڕشایەوە. هەزارپێیەکە زۆر قێزەون بوو.



مریشك ئەوەندە کۆخینا رشایەوە و هەزارپێی لەناو سکی فڕێدایە دەرێ. دایکی هەزارپێ و منداڵەکەی چوونە سەر دارێکی بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە.



لەوکاتەوەدا ئێستا مریشکەکان و هەزارپێکان بوونەتە دوژمنی یەکتر.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## مريشك و هەزارپێ

Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin

CC BY